www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە

ژمارە
124
ساڵی حەوتەم ٢٠١١/٥/٢٥
بەکاتی: ئاشتبوونەوە بەشەرتی
ڕێکەوتن لەسەر ڕێکنەکەوتن



## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە پەرلەمانی کوردستانەوە یەک ترلیۆن . ببورن یەک خەبەری عاجیلی بۆ ڕەوانە کردین، گوایە دانیشتنی ئەمجارەی پەرلەمان جیاواز لە هەموو دانیشتنەکانی ترو خوا بەخێری بگێڕێ خەریکە زەردەخەنەو سەوزەخەنەو شینەخەنەو هەروابێتەوە وسمە خەنە دەگەڕێتەوە سەر لێوی عومومی برادەرانی پەرلەمانتار، بە ئیعتیرافی هەموو فراکسیۆنەکانیش ئەمجارەیان قسەکردن لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠١١ ئەوەندە شەفافە ئەڵێی جامی مۆنیکا درعەکانی ئەم زەمانەیە، بڕۆن بۆ پاشماوەی خەبەر عاجیل و سەرو حاسیبەش لەگەڵ خۆتاندا ببەن. ل٣٧



## دڕکبژێر




ئەم پیڕە لەکێ ڕادەکەن؟ ل5



ئەم دەستە درێژە هی کێیە؟ ل7




ئەم جووتە کێن؟ پشتیان کردۆتە یەک ل20

خاوەنی ئیمتیاز
ئیسماعیل بەرزنجی

سەرنووسەر
محەمەد قادر
sardamm2003@yahoo.com

نوێنەری گۆڤار لە دهۆک
سەردار کێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی
پەروەر
Tel: 07701492911

دەستەی نووسەران
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
کەژاڵ ئیسماعیل
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەریم مودەریس

هونەرمەندانی کاریکاتێریست:
عەلی مەندەلاوی
عەلی دەرویش
خضیرالحمیری
سەردارکێستەیی
پەروەر
سالم سەلیم
سۆران کوردیوور
ئەحمەد مەندەلاوی
ڕۆستەم زادە (ئامۆ)
زێرەڤان ساڵح
ئاراس باڵاتەیی
سەرتیپ فەتاح
فەرەیدون هاوار
بابان

نووسەرانی بەشداربوو
ئەحە نۆکە
بەختیار حەسەن
ڕەفعەت کەرکوکی
شوان غەمبار
کاروان فەتحی
مەنسور دەرویش زادە
دیاری کەلاری

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ
رزگار فەقێ عەوڵا
rzgarfaqe@yahoo.com

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی
چیار ئەحمەد سالار

ماڵپەڕ:
ڕێباز نەجات

دیزاین
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

سەرپەرشتی چاپ:
هێمن نەجات

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کرینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەترەوە بکات
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥



تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت



## سەروتار

## بە مەزەندە



* به مەزەندەی هجومکەرەکانی عروبەو بە بۆچوونی لایەنگرانی تۆپانێی سیاسەت، دوای ئەوەی نزیکەی دوو ساڵە تیپەکەی مالیکی هێشتا وەزیری دیفاعی نییە، بەو حسابە بێت فیفا بڕیار ئەدات لەمەودوا یاریزانی دیفاع نەمێنێ، چونکە ئاساییە، عێراق نیەتی و کەچی تا ئێستا گۆڵی لێ نەکراوە ...

* بەمەزەندەی کەمینەی زۆرینەو زۆرینەی کەمینە، دوای ئەوەی مودێلی ئینتخابات گۆڕا، پێشبینی دەکرێت لەمەدوا کەمینە ببنە دەسەڵات و زۆرینەش ئۆپۆزسیۆن و لەسەر مارکەکەشی بنووسرێت Made in Kurdistan ...

* بەمەزەندەی مقاولەکانی درووستکردنی کەمپینەکان، بە بۆچوونی هاندەرچییانی هاندان، دوای ئەوەی لەم وڵاتە کەمپین درووست کردن لە کابینەی سیاحی زیاترە، پێشبینی دەکرێت ماوەیەکی تر کەمپین بنێرینە دەرەوەو پارەکەشی بکرێتە داهاتی نەتەوەیی ..

* بەمەزەندەی سایقە مەلەوانەکانی دەبڵ گێڕ، بە خەیاڵی خەبیرەکانی تسۆنامی، دوای ئەوەی دەرکەوت لەم وڵاتە سەیارە کراوەتە ملۆزمی نەفەرو سایقیش بە گیانکێشی، لەوەدەچێ دابەشکرابێت تسۆنامی یابان هی ئاوەو هی ئێمەش لە جادەوە هەڵدەکات بە تەنەکەی وشکەوە ...

## شاشەی tv یەکان

* تێکڕای کەناڵە حیزبی و حکومی و ڕازی و ناڕازییەکانی ئەم هەرێمە سەرجەم هەنگاوە باشەکانی ئەم دواییە و جێبەجێکردنی هەندێک پرۆژەیان کردۆتە چەپکە گوڵی دەستی خۆیان کەناڵی سەحەری ئێرانیش خەریکە ئەویش خۆی دەکاتە ساحێبی مەسەلەکە بە هەرحاڵ نازانین بە دوعای کامیان بڵێین ئامین؟

* لەژێرنووسێکی سەتەلایتی پەیامدا نوسرابوو یانەی بەرشەلۆنە لە نێو یاریگای خۆیدا بەرامبەر یانەی ریاڵرسوسیدا.. بە مێژووی تۆپی پێ ریاڵرسوسیدادم نەبیستووە ڕەنگە ریاڵ سوسیداد بڵێن بەڵام بە هەڵە حاڵیمان ئەکەن..

* لە شاشەی کەناڵی ناوخۆی میدیالاند ژێرنووسێکم خوێندووە لە تەریقیدا سور هەڵگەڕام نوسرابوو هاندەرانی ریاڵ بێ ئەخلاقن نازانم ئەم جۆرە نوسینانە چۆن بەسەر کۆنترۆڵدا تێدەپەڕێت.. یان برادەرانی کۆنترۆڵ خۆشیان هاندەری بەرشەلۆنەن حەز بەمجۆرەگوڵ بارانە دەکەن..

* لەکەناڵە ناوخۆیەکەی گەلی کوردستاندا لە دیمانەیەکی هونەریدا هونەرمەندێک ووتی: ئافرەتانی کورد گەرمە.. ئیتر نازانم ئافرەتی کورد بە صەموون تێگەیشتبوو یان کەباب یان کولێرە بە قیمە..











سالار حەسەن

## لە هاوڵاتییانەوە بۆ/ ئۆپۆزسیۆن و دەستەڵات

لە دەست و پەنجەی داماوێکەوە
لە دڵ پڕ دەردو زوخاوێکەوە
لە یەک هاوڵاتی ئەم هەرێمەوە
لەژێر چادرو کەپرو خێمەوە
نامە دەنوسم بە حەپەساوی
بە مێشکی ماندو بە شڵەژاوی
وەکو ژێرنوسی ناو تەلەفیزیۆن
بۆ دەستەڵات و بۆ ئۆپۆزسیۆن
بە هەردوو لاتان دەڵێم: مەرحەبا
ئەم بەزمەی ئێوە بۆ کوێمان دەبا؟
تاکەی مصداقیەت دەکەن بە ڕیکلام؟
کەی دەست هەڵدەگرن لە شەڕی ئیعلام؟
ئاخر ئەم هەموو هەراو هوریایە
لە بەرژەوەندی کام کەڵەگایە؟
هەتا کەی غەسلی دەماخمان دەکەن؟
بە زەوقی خۆتان بۆیاخمان دەکەن
لەسەر حیسابی ئێمەی ڕەنجەڕۆ
بۆچی یەکترتان کردوە بە پەڕۆ؟
ئێ خۆ کفرمان نەکرد وتمان: بەس
بۆچی بەرچاومان دەکەن بە قەقنەس
وتمان: هیمەتێ گەندەڵی بشۆن
نەمانوت: یەکتر هەڵژەنن لە بۆن!!
ئەم بە چل مەرج و ئەو بە پەنجا خاڵ
ناگەن بە ئەنجام تاکو نەوەد ساڵ
گەر دەتانەوەێ چاکسازی بێنن
واز لە ئەزنیف و دۆمینە بێنن
با لەوە زیاتر نەترسم لێتان
هەڵماتێن مەکەن قاچم دامێنتان
چونکە ئەزانم ئەم شەڕی تەختە
تەنها زەرەری منی بەدبەختە
کامتان بدۆڕێ و کامتان سەرکەوێ
شەقی هەردوولا بەر من دەکەوێ!!





# تەعەجوب

لەسەر عارەبا نەیەک لەپەرچە مقەبایەک نوسرابوو تمرهندی ئێرانی. زۆر سەیرم لیٚهات ڕەنگە ئەو تمر هندییە ئاوازەکەی هندی بێت و هۆنراوەکەی ئێرانی.

هەر لەناو چەقی بازاڕدا ئەم جارەش لەسەر عارەبانەیەک خورما هەڵرژابوو، بەڵام لەپارچە مقەبایەک نوسرابوو مۆز کیلۆی بە ١٠٠٠ دینار ڕەنگە ئەم خورمایەش لەکاتی خۆی مۆز بووبێت خوا غەزەبی لێگرتبێت بۆتە خورما.

تابلۆیەکی ترم بەرچاوکەوت کە بۆ دوکانێکی ساردەمەنی دانرابوو نووسرابوو ساردەمەنی زانگو. بەڕاستی زۆر تەریق بومەوە خوێندن تەواوکەم ناچمە زانکۆ دەچمە پەیمانگا لەداخی ئەو عینوانە بۆنداره

لەسەر عارەبانەیەکی پەتاتە نووسرابوو هەنار کیلۆی بە ٧٥٠ دینار ئیتر نازانم ئەم پەتاتە هەموو جیهان پێیدەڵێن پەتاتە جگە لە وولاتی ئێران سیف زەمینی پێی دەڵێن بۆ لەوڵاتی ئێمەش بۆتە هەنار

هەر لەناو جەرگەی شاردا لە لافیتەیەک نوسرابوو کیلۆی کەباب ١٦٠٠٠ هەزار دینار و ماسی زیندووی برژاو کیلۆی بە ١١٠٠٠ هەزار دینار ئاخر بۆ خاتری خوا کەباب بەکیلۆ لەچ مەملەکەتێکدا هەبووە یان ماسی کەبرژا چۆن بە زیندووی ئەمێنێتەوە.




